# دەنگدان بە پاڵێوراوێکی ناموسڵمان لەهەڵبژاردندا

[ کردي – کوردی – kurdish ]


**موحەممەد صاڵح المنجد**

**سایتی (ئیسلام پرسیار ووەڵام)**

**وەرگێڕانی:** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی:** پشتیوان سابیر عەزیز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# صوّت في انتخابات الرئاسة لمرشح غير مسلم

« باللغة الكردية »


## محمد صالح المنجد

موقع الإسلام سؤال وجواب



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# دەنگدان بە پاڵێوراوێكی ناموسڵمان لەهەڵبژاردندا

**پرسیار :** لەهەڵبژاردنەكاندا دەنگم بەپاڵێوراوێكی ناموسلمان دا، لەكاتێكدا كەسێكی موسڵمانیش خۆی پاڵاوت بوو وڕەكابەری ئەو بوو، ئایا ئەوەی من كردومە دژی ڕێنمایی و تەعالیمەكانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە ؟

**وەڵام :** الحمد لله .

دورست نییە كەسێكی ناموسڵمان بپاڵێورێت بۆ سەرۆكایەتی ودەنگی پێ بدەیت، لەكاتێكدا كە موسڵمانێك خۆی هەڵبژارد بێت، چونكە باڵادەستی وویلایەتی بێباوەڕان بەسەر موسڵماناندا كارێكی حەرام وقەدغەكراوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴾ [النساء :١٤١] واتە : دڵنیابن هەرگیز خوا نایەڵێت بێ باوەڕان بەسەر ئیمانداراندا دەست ڕۆیشتوو بن و ڕیشەكەنیان بكەن، بەمانایەكی تر : لەم دنیایەشدا هەرگیز نابێ موسڵمانان ژێر دەستەی خوانەناس و بێ باوەڕان بن وحوكم و یاسای ئەوان جێبەجێ بكەن .

لە مەوسوعەی فیقهی (بەرگی ٦/لاپەڕە ٢١٨) باسی مەرجەكانی پێشەوا وئیمامی موسڵمانان كراوە : مەرجەكانی ئیمامەت

وپێشەوایەتی موسڵمانان ، زانایان چەند مەرجێکیان داناوە : لەوانەیش کە هەموولایەکیان یەکڕان لەسەری، وهەندێکیشان جیاوازن تێیدا :

ئەو مەرجانەی کە یەکڕان تێیدا بریتین لە :

١) ئیسلام : لەبەر ئەوەی کە ئیسلام مەرجی دروستی شاهیدی دانە، لەکاتێکدا کە ئیمامەت و پێشەوایەتی موسڵمانان لە شاهیدی دان گرنگتر وگەورەترە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَلَنْ يَجْعَلَ اللَّهُ لِلْكَافِرِينَ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴾ ئیمامەت و پێشەوایەتیکردنی موسڵمانان وەك ابن حزم دەڵێت گەورەترین ڕێگایە، بۆیە دەبێت موراعاتی حاڵی موسڵمانانی تێدا بکرێت .

٢) خاوەن تەکلیف بێت، کە ژیری وباڵغی دەگرێتەوە، هەر بۆیە وویلایەت وپێشەوایەتی مناڵ وشێت دروست نییە، چونکە ئەوان خۆیان لەژێر وویلایەتی ولێپرساویەتی خەڵکی تردان، بۆیە کاری موسڵمانان نادرێتە دەستیان .

٣) نێر بێت، واتە لێپرساویەتی ئافرەتان بۆ سەرۆکایەتی وولات دروست نییە، ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : « لن يفلح قوم ولوا أمرهم امرأة» واتە : هیچ گەلێك سەرفراز نابێت ئەگەر ئافرەتێك لێپرساویان بێت، چونکە ئەم مەنصەب وپلەوپایەیە کاری گەورە وترسناك لەخۆدەگرێت کە لەگەڵ سروشتی

ئافرەتدا ناگونجێت، وناتوانێت بەرگەی بگرێت، چونکە پێشەوای موسڵمان هەندێك جار خۆی سەرۆکایەتی سوپاو جەنگ دەکات، ئەمەش کارێکی قورس وگرانە وبەئافرەت ناکرێت .

٤) خاوەن توانا ودەسەڵات بێت : ئەگەر بەیارمەتی کەسانی تریش بێت، مەبەست لەتوانایش ئازایەتی وجورئەت وبەدەمەچوونی موسڵمانانە، بەشێوەیەك بتوانێت هەستێت بەڕاپەڕاندنی کاری ڕامیاری وجەنگ وجێ بەجێکردنی حدودەکانی ئیسلام وپارێزگاری کردن لەسنووری ئومەتی ئیسلامی .

٥) ئازادبێت، واتە ئیمامەت وپێشوایەتی بەندە دروست نییە، چونکە بەندە خۆی لەخزمەتی گەورەکەیایەتی .

٦) سەلامەتی گشت حەواس وئەندامەکانی، ئەوانە ئەگەر نوقسان بن دەبنە ڕێگر لەڕاپەراندنی کاروبارەکانیدا، ئەم مەرجانە ئەو مەرجانەن کە زانایان یەکڕان لەسەری .

لەم بارەیەشەوە پرسیارکرا لە شێخ عبد اللە بن جبرین (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) : ئایا حوکمی بەشداریکردنی موسڵمانان چیە لەحومکدا، یان حوکمی بەشداریکردنی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ووڵاتێك چیە ؟

لەوەڵامدا ووتی : دروست نییە بۆ موسڵمان بەشداری کارێك بکات کە مەعنەویاتی بێباوەڕان بەرزبکاتەوە، یان کەسێکی بێباوەڕ هەڵبژێرێت وکاروباری گشتی موسڵمانان وغەیری ئەوانیش بگرێتە دەست، چونکە ئەمە ئەچێتە چوارچێوەی خۆشەویستی و موالات وسەرخستن وپشتگیری کردنی بێباوەڕانەوە، خوای گەورەیش هەموو پەیوەندیەکی خۆشەویستی لەنێوان ئێمە وبێباوەڕاندا بچڕاندووە، ئەگەر خزم وکەسوکاری خۆیشیان بن، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ لَا تَتَّخِذُوا آبَاءَكُمْ وَإِخْوَانَكُمْ أَوْلِيَاءَ إِنِ اسْتَحَبُّوا الْكُفْرَ عَلَى الْإِيمَانِ ﴾ واتە : باو و باپیران و براکانتان مەکەنە پشتیوان و خۆشەویستی خۆتان، ئەگەر ئەوان بێ باوەڕیان خۆش ویست و هەڵیانبژارد بەسەر ئیمان و باوەڕدا .

بەڵام ئەگەر هاتوو بەشداریکردنی موسڵمانان لەو هەڵبژاردنانەدا زوڵم وستەمی لەسەر موسڵمانان سووك دەکرد، یان وازهێنان لەکاربەدەستی ولێپرسراویەتی بەگشتی دەبووە هۆی زەرەر وزیان وبەرتەسك کردنەوەی کاری موسلمانان، لەهەمان کاتیشدا نەیاندەتوانی بۆخۆیان جیاببنەوە وکیان وسەرۆکێکی سەربەخۆیان هەبێت، ئەوە لەم حالەتەدا دروستە بۆ موسڵمان بەم نیەتەوە بەشداری بکات بۆ ئەوەی ئەو زوڵم وستەم وبەرتەسك کردنەوە کە لەسەر موسڵمانان هەیە سووکی بکات، چونکە ئەوەی کە مرۆڤ نەتوانێت هەمووی جێ بەجێ

بکات، نابێت واز لەهەموویشی بهێرێت، گومان لەوەشدا نییە هەندێك خراپە وشەڕ هەیە سووك ترە لەهەندێکی تری.

بەڵام بەنسبەت ئەوەی کەسێکی موسڵمان کەسێکی بێباوەڕ هەڵبژێرێت ودەنگی پێ بدات، ئەوە بەهیچ شێوەیەك دروست نییە، چونکە ئەم دەنگدانە خۆی لەخۆیدا مانای دان نانە بەوەی ڕازی بیت کەسێکی بێباوەڕ لێپرسراوی موسڵمانان بێت، خوای گەورەش زاناترە .

بەم شێوەیە برام بزانە ئەوەی جەنابت کارێکی خراپە و هەڵەت کردووە کە دەنگت بە کەسێکی بێباوەڕ داوە .

بەڵام ئەگەر هاتوو لەم هەڵبژاردنانەدا کەسێکی موسڵمان خۆی نەپاڵاوت بوو، لەهەمان کاتدا موسڵمانان وایان دەبینی کە دەنگدان بەکەسێك بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایە، لەم حاڵەتەدا هیچ ئیشکالێکی تیدا نییە ئەو کەسە هەڵبژێرن کەسوودی دەبێت بۆ ئەهلی ئیسلام، یان زیانی کەمتر دەبێت لەپاڵێوراوێکی تری بێباوەڕ ..

خوای گەورە هەمو لایەك موەفق بکات ..